# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە ڕەواکانی و
ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پاڕلمانی تێدەکۆشین

سالّی بیست و چوارەم ، ژمارە «۲۱۰» ۲۸ی ڕەشەمەی ۲۷۰۸ی کوردی، ۱۳۸۷ی کۆچی خۆری، ۱۸ی مارسی ۲۰۰۹ی زایینی







دەیەمین شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و جەنگی باندەکانی ڕژیم
ل۲



ووتوێژی بەڕێز مامۆستا سەید جەلالەددین حوسێنی لەگەڵ گۆڤاری K21
ل ٤



۸ی مارس لە ۲٤ کاتژمێردا
ل٦

بیرەوەریی ڕۆژانی حەماسە و فیداکاریی پێشمەرگەکانی
ل۷

# لە نەورۆز و سالّی نوێدا جارێکی دیکە بەڵێن بە گەلی کورد دەدەینەوە، تا سەرکەوتن درێژە بە تێکۆشان دەدەین

هاونیشتمانە بەرێزەکان
ئەندامان و لایەنگرانی دلّسۆزی سازمانی خەبات، کەس وکاری شەهیدان، زۆرشادمانم کە بە بۆنەی جێژنی نوروز و سالی نوێی ۱۳۸۸ی کۆچی خۆری و۲۷۰۹ کوردی لە ناخەوە گەرم ترین پیرۆزبایبتان پێش کەش دەکەم.
هاونیشتمانانم، سی سالّە نیشتمانی ڕەنگینمان، لاوان و ژنان و تێکڕای چین وتوێژکانی کوردەواری و خە لّکی ئێران بە تێکڕا لە ژێر ستەم و سەرکوتی دەسەلاّتی خۆسەپێنی ئاخوندیدان. ئاشکرایە هیچ هاونیشتمان ومروڤیکی بە هەست ناتوانیٚ دلّخۆش بیٚ بە نەوروزو جێژنی نەتەوەیی، کاتێك دەبینیٚ، دیوەزمەی ستەم شەو و ڕۆژ بە سەریەوەیەو هەناسە کێشان و ژیانی ئاسایشی بۆ زەحمەتە. لە بەرانبەر ئەو هەل ومەرجەحستەم و نالە بارەدا ئەوەی جیگەی دلّخۆشیە، خۆڕاگریی هاونیشتمانان بە تایبەت مانگرتنی خەلّکی مەریوان و شارەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها تێکۆشانی ژنانی ئازادیخواز، لاوانی خوێن گەرم و هەلّسۆراوانی سیاسی و ناوەندە مەدنیەکانە کە بە خەباتی خۆیان، بە ڕژیمی ئاخوندی و دەسەلاّتدارە ملهورەکانیان سەلماندوە کە تاسەر ناتوانن درێژە بەزولّم وبێدادی وبە فیڕودانی سەرمایەی نەتەوەیی خەلّکی ئێران بدەن. ئاشکرایە ستەمگەران ناتوانن تا سەر دەسەلاّتیان بەسەر گەلی ئازا و نەبەزدا درەێژ پیٚبدەن. بێگومان ئاکامی دەسەلاّتی ملهۆر و خۆسەپێنی ئاخوندی لە ناوچوون و هاتنە دی خۆری ئازادی بۆ سەرانسەری نیشتمانی ڕەنگین و دامەزرانی دەسەلاّتی دیموکراتیك و پارلمانیە.
بەم بۆنە پیرۆزەوە،جارێکی دیکە، بەلّێن بە گەلی کورد و کەس و کاری شەهیدان دەدەینەوە تا سەرکەوتن و وەدی هاتنی ئاوات و ئامانجە لەمێژینە کانی کورد و ڕووخانی ڕژیمی ملهۆری ئاخوندی درێژە بە تێکۆشان دەدەین.
هەر لەم بۆنە پیروزەدا لە هاونیشتمانانی بەشەرەف داواکارم، بەسەردانی مەزاری شەهیدانی کوردستان و کەس وکاری سەربەرزیان وەفادارییان بۆ ڕێبازی پیروزیان و خەباتی ڕەوای ئازادیخوازانە بە جیٚ بێنن و بەوکارە نیشتمان پەروەرانە، ئەو پەیامە بە دەسەلاّتی نگریسی ئاخوندی بدەن کە ڕێبازی پیرۆزی تێکۆشان و مقاومەت لە دلّی تاك تاکی دانیشتوانی کوردستان ریشەی داکوتاوە. دەبا لە پێناو ئازادی و بەرانبەری و گەیشتن بە ئامانجە پیروزەکان بە یەکگرتوویی و خوڕاگری لە سەر ڕێبازی شەهیدانی سوور خەلاّت و ڕێبازی ئازادی کاریگەرتر تیٚ بکوشین و هەولّ بدەین نیشتمانمان ئازاد بکەین و دەسەلاّتی نگریسی ئاخوندی لەگۆر بنێین.
لەگەلّ پیرۆزبایی دووبارە و هومێدی ژیانێکی شاد و ئازاد بۆ هاونیشتمانانی ستەملێکراو و تێکڕای تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی.

بابەشێخ حوسێنی

## ئیسرائیل : ڕژیمی ئێران گەیشتۆتە ئەو حاستەی کە چەکی ناوکەیی دروست بکا

پلەبەرزترین بەرپرسی بەشی زانیاری ئەرتەشی ئیسرائیل دەلّیٚ: ڕژیمی ئێران بە جێگەیێك گەیشتووە رێگەی گەرانەوەی نیە سەبارەت بە توانا ناوکەییەکانی.
ژنرالّ عاموس یادلین سەرۆکی دەزگای زانیاری ئەرتەشی ئیسرائیل، ڕۆژی یەکشەممە ۱۸ی ڕەشەمەی ۱۳۸۷، بە هەیئەتی دەولّەتی ئیسرائیلی گووت: ڕژیمی ئێران گەیشتۆتە ئەو حاستەی کە بۆمبی ناوکەیی دروست بکاو ئەگەر دەسەلاّتدارانی تاران لە هەولّی دروست کردنی چەکی ناوکیی دا بن، تەواوی کەلّ و پەل و پێداویستی لەو بارەوە هەیە.
ئەو ژنرالّە ئیسرائیلیە لەو کۆبوونەوەدا کە بە سەرۆکایەتی



ئەهود ئۆلمێرت سەرۆك وەزیری حکومەتی کاتی بەرێوەچوو، گووتی: دەبیٚ چاوەریٚ بین بزانین ئایا ڕژیمی ئێران ئامانجی دروست کردنی چەکی ناوکەییە و ئایا دەسەلاّتدارانی ڕژیم بڕیاردان لەو بارەوە بە قازانجی خۆیان دەزانن یان نا؟

***

## پەیامی بەرێز سکرتێری گشتیی سازمانی خەبات بەبۆنەی جێژنی لەدایکبوونی حەزرەتی محمد ( ص )

بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

بەبۆنەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەری گەورە و سەروەری مرۆڤایەتی حەزرەتی محمد (ص) گەرم ترین پیرۆزبایی بە هاونیشتمانانی موسلّمانی کوردستان و تێکڕای موسلّمانانی ئێران و جیهان پێشکەش دەکەم.
لە خوای گەورە و میهرەبان دەپاڕینەوە، بە ڕەحمەت و بەخشەندەیی و لە بەر خاتری پێغەمبەری نازدار و سەرچاوەی ئازادی و مرۆڤ دۆستی و عەدالّەت، ئازادی بە سەر وەلاّتمان بکێشیٚ و گەلی کوردستان و ئێران لە بەلاّی دەسەلاّتی ئاخوندانی ملهوڕ و دژی مرۆڤ و دژی ئیسلامی رزگار بکا.
جارێکی دیکە پیروز بێت، یادی لە دایك بوونی پێغەمبەری پایەبەرز و پێشەوای موسلّمانان.

بابەشێخی حوسێنی
سکرتێری گشتیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

***

## ئەحمەدی نژادیش لینگەکەوشی تیٚ گیرا



دوانیوەرۆی چوارشەممە ١٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٧ پاسدار مەحمودی ئەحمەدی نژاد بۆ دیدارێکی یەك ڕۆژە گەیشتە ورمیٚ. لەو سەردانەی ئەحمەدی نژاد بۆ ورمیٚ شتی سەیر و سەمەرەی زۆر بینرا بەلاّم ئەوەی جێی سەرنجی خەلّك بوو هاویشتنی پێلاّو و شتی دیکە بۆ کاروانی ماشینەکانی بوو.
کاتی ڕۆیشتنی کاروانی مەحمودی ئەحمەدی نژاد بۆ ئێستادیۆمی تەختی ورمیٚ، پیرە پیاوێك کە بۆ دانی نامە بە ئەحمەدی نژاد چوبووە شەقامی موتەهەری، ماشینەکانی هەلّگری ئەحمەدی نژاد لێیان دا، بەلاّم بیٚ ئەوەی بایەخی پیٚ بدریٚ بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن، ئەو هەلّسووکەوتە بووە هۆی ئەوەی خەلّك بچنە سەر شەقام و ڕێگە لە ماشینەکان بگرن.
کاتیٚ ئامبولاّنسی کاروانەکە خۆی بوارد لە کۆمەگی پیرە پیاوەکە، لە نێوان خەلّك و ئیسکۆرتەکانی ئەحمەدی نژاد تێگیران رووی دا. لە ئاکامدا خەلّکەکە کارێکیان کرد ئانبولاّنسەکە پیرەپیاوەکە بگەیێنێتە نەخۆشخانە. لە نارەزایەتی دا کاتیٚ ماشینەکانی ئەحمەدی نژاد بەرەو شەقامی خومەینی دەرۆیشتن لە ماشینەکەوە دەستی تەکان دەدا لە پێلاّوێك بەرەو ئەحمەدی نژاد هاویژرا. هێزەکانی هێرشیان بۆ خەلّکەکە برد بەلاّم هەرچەند گەڕان نەیان توانی کەسێك بگرن، بە ماوەیەکی لە دوای ئەو کارە و لە سەرەتای شەقامی بەناو ئیمام کلاّوێکی ڕەشیان بەرەو ناوبراو هاویشت.

***

## ئوباما ئابلّوقەکانی سەر ڕژیمی ئێرانی نویٚ کردەوە



سەرۆك کۆماری ئەمریکا ئابلّوقەکانی دژ بە ڕژیمی ئێرانی بە لانی کەمەوە بۆ سالّێك نویٚ کردەوە. ناوبراو گووتی: سیاسەتی ڕژیمی ئێران هەروا هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمریکا.
ئەو ئابلّوقانە کۆمەگی شیرکەتە ئەمریکایەکان بە پیشەسازی نەوت و پێوەندیە بازرگانی و سەرمایەگوزاریەکانی ڕژیم قەدەغە دەکا. سەرەتا لە سالّی ١٩٩٥ و لە کاتی سەرۆك کۆماری بیل کلینتۆن، بە تاوانی پشتیوانی لە ترۆریسم و هەولّ بۆ وەدەست هێنانی چەکی کۆکوژ، دانران.
باراك ئوباما گووتوویەتی کە دەیهەویٚ لەگەلّ ڕژیمی ئێران ووتوویژ بکا بەلاّم داوای لە ڕژیم کردوە کە چالاکیە ناوکەییەکانی سنووردار بکا.
ڕژیمی ئێران جویٚ لە ئابلّوقەکانی ئەمریکا، بە هۆی مل نەدان بە داوای کۆمەلّگای نێونەتەوەیی و رانەگرتنی چالاکیە ناوکەییەکانی لەگەلّ ئابلّوقەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەورووە.

## سەرۆکی ناوەندی هاوبەشی ئەرتەشی ئیسرائیل سەردانی ئەمریکای کرد

بە پێی ڕاپۆرتی مالّپەڕی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل، ژنرالّ گابی ئەشکنازی سەرۆکی ناوەندی ئەرتەشی ئیسرائیل ڕۆژی هەینی ۲۳ی ڕەشەمەی ۱۳۸۷، سەردانی ئەمریکای کرد.
مەسەلەی ناوکەیی ڕژیمی ئێران، ئەو باسەیە کە سەرۆکی ناوەندی هاوبەشی ئیسرائیل لە چاوپێکەوتنەکانی دا لەگەلّ بەرپرسانی ئەمریکایی لە واشینگتۆن دەیخاتە بەرباس. وا بڕیارە ناوبراو تایبەت چاوی بە ژنرالّ جیمز جونس راوێژکاری ئاسایشی کۆشکی سپی بکەویٚ کە ئیسرائیلیەکان بە گرینگی دەزانن، بۆ ئەوەی ژنرالّ جونس لە دیاری کردنی سیاسەتەکانی ئوباما لە بارەی ئیسرائیل و فەلستینیەکان دەوری سەرەکی هەیە.
چاوپێکەوتنی گرینگی دیکەی ئەشکنازی لەگەلّ دنیس راس یەکێك لە دیپلۆماتە بە ئەزموونەکانی ئەمریکا کە هیلاری کلینتۆن وەك بەرپرسی کارو باری وەلاّتانی کەنداوی فارس بە تایبەت ڕژیمی ئێران، دایناوە. هەروەها ژنرالّ ئەشکنازی لەگەلّ فەرماندەکانی هێزی زەمینی و هەوایی و دەریایی ئەمریکا کۆدەبێتەوە.

***

تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە